# فەرەنسا VS تورکیا

# تورکیا باسی جەزائیر و فەرەنساش شین بۆ ئەرمەن

تورکیا و فەرەنسا ئەم ماوەیە بوونەتە سەردێڕ و مانشێتی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی جیهان، کە زۆرترین بینەریان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە، زیاتر بە فیلمێکی سینەمایی دەچێت، کە هەمووان چاوەڕاونی ئەوە دەکەن بزانن کێ دەیباتەوە و کێش شکت دەخوات، تورکیا دەوڵەتێکی بەهێزی ئابوری و خاوەن سوپایەکی بەهێز و ئەندام لە ناتۆ، فەرەنساش وڵاتێکی پێشکەوتوو و خاوەن هێزێکی زۆر وئەندام لە یەکێتی ئەوروپا. کارەکتەرێکی سەرەکی لە کوژرانی بە میلۆنان کەس لە جەنگەکانی جیهانیدا، ئەم دوو وڵاتە بەو هەموو هێزە و دەسەڵاتەی هەیانە بۆ هەمیشە دژایەتی یەکتریان کردووە، بەتایبەت لەم کاتەوەی کە داد و گەشەپێدان (Akp) بە سەرۆکایەتی ئەردۆگان حکومی سیاسی تورکیایان گرتۆتە ئەستۆ.

**شیکاری : قاسم سروش**

## تورکیا پشتی لە ئەورووپا کرد و ڕووی کردە ڕۆژهەڵات

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دە ساڵ پێش ئێستا تورکیا هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا بە ئەندام بێت لە یەکێتی ئەوروپا لەبەر ئەوەی تورکیا سەنتەری نێوان کیشوەری ئەوروپا و ئاسیایە، بەڵام تاکە دەوڵەتێک کە زۆر بە ئاشکرا دژایەتی هەوڵەکانی تورکیای کردووە لە ئەندامبوون لەم یەکێتیە فەرەنسا بووە، فەرەنسا دژایەتی تورکیای کردووە لەوەی ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، تا چەند ساڵێکیش پێش ئێستا تورکیای نیازی هەبوو بۆئەوەی لە ئەوروپا زیاتر نزیک بێتەوە، بەڵام لەم دوو ساڵەی ڕابردوو تورکیا زیاتر هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیک بێتەوە



و ببێتە یاریکەرێکی بەهێز و خاوەن متمانەی گۆڕەپانەکە، بەپێی بۆچوونی توێژەرانی ئەم بوارەش لە ئێستادا تورکیا کاریگەری زۆری هەیە بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەردۆگانیش لەلای بەشێکی زۆری هاووڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان کەسێکی قبوڵکراوە لە ڕاپرسیەکانیش

بە ئاشکرا دیار دەکەوێت ئەردۆگان خاوەن زۆرترین جەماوەر و زۆرترینی ئەوانەشە کە ڕقیان لێ دەبێتەوە و خۆشیانناوێت، هۆکاری ئەمانەش تەنها ئەوەیە لەم ساڵانەی ڕابردوو خۆی وەکو کەسێکی ئازادیخواز نیشانداوە و هەمیشە پشتگیری وڵاتانی چەوساوەی کردووە بەتایبەت فەلەستین لەم بوارەشدا تووشی ناکۆکی توند بۆتەوە لەگەڵ قەوارەی ئیسرائیل لەم میانەش چەندان هاوڵاتی تورکی لە کەشتی ئازادی بوونە قوربانی کاتێک بەنیاز بوون بە فەرمانی ئەردۆگان گەمارۆی سەر کەرتی غەززە بشکێنن و خواردن و کەلوپەلی پێویستی بۆ ببەن.
لە ئێستادا تورکیا خاوەن جەماورێکی زۆرە، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە بەهاری عەرەبییان تێدا سەرهەڵداوە و زۆرجاریش وێنەی سەرۆک و ئاڵای تورکیا لە خۆپیشاندانەکاندا بینراوە.

### ٥٠٠ هەزار هاوڵاتی ئەرمەنی لە فەرەنسا دەژین

ئەوەی ئەم ماوەیە لە ڕاگەیاندندا جێگای گفتوگۆکردن بوو، کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان بوو لە تورکیا، کە لە ساڵی ١٩١٥ز بەپێی ڕاگەیاندنەکانی فەرەنسا دەگاتە یەک ملیۆن و نیو هاوڵاتی ئەرمەنی کە لەم کۆمەڵکوژیەدا کوژراون و لەناوچوون، بەڵام تورکیا دەڵێت تەنها ٥٠٠ هەزار هاوڵاتی ئەرمەنی لەسەر دەستی عوسمانیەکان کوژراون، دەسەڵاتدارانی فەرەنساش ئەوەیان بە هەل زانی، یاسایەکیان بۆ دەکرد، ناوەڕۆکی یاساکە ئەوەیە "ئەوەی نکوڵی لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان بکات لە فەرەنسا بە توندترین شێواز سزا دەدرێت و ماوەیەکی زۆریش بەند دەکرێت". ئەم یاسایەش تورکیای زۆر تووڕە کرد، بە جۆرێک ئێستا گشت جوڵە بازرگانی و دیبلۆماسییەکانی تورکیا لەگەڵ فەرەنسا وەستاون، سەرەڕای ئەوەی تورکیا وەڵامی فەرەنسای دایەوە بە کوشتنی یەک ملیۆن هاوڵاتی جەزائیری لەلایەن دەوڵەتی ئەوکاتەی فەرەنساوە، کە ئەمەش وای کرد جەزائیر لە مێژوودا بە وڵاتی یەک ملیۆن شەهیدەکە بناسرێتەوە، فەرەنساش ئەوە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت تورکیا بۆ ئەوەیەتی کە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لەیاد خۆی بباتەوە.
بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە ئایا فەرەنسا بۆچی لەم کاتەدا باسی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکانی کرد لە تورکیا، ئەویش خۆی لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە، کە ئەوانیش بریتین:

یەکەم:
هاوڵاتی ئەرمەنی لە فەرەنسا بەپێی سەرچاوەکان کە لە ڕاگەیاندنەکانی جیهان بڵاو بۆتەوە نزیکەی ٥٠٠ هەزار هاوڵاتی ئەرمەنی لە فەرەنسا دەژین، ئەوەی جێگای قسەیە ئەوەیە کاتی هەڵبژاردن لە فەرەنسا نزیک بۆتەوە، چاودێرانیش وای بۆ دەچن کە ئەوانەی ئێستا لە دەسەڵاتدان لە فەرەنسا، لەم ڕێگایەوە دەیانەوێت دەنگی ئەم هاوڵاتیە ئەرمەنیانە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، چونکە ئەم دەنگە زۆرەی ئەرمەنی لە فەرەنسا کاریگەری باشی لەسەر ئەنجامەکان دەبێت و براوەکان دیاری دەکات.



**دووەم:**
لەبەر ئەوەی ئەرمەنەکان مەسیحین:
خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە ئەرمەنەکان ئاینەکەیان مەسیحییە، ئەم پێوەرەش لەلای چاودێران بۆتە شتێکی گرنگ. ئەگەر سەیرێکی فەلەستین، یاخود کوردستان بکەین، کە دوو وڵاتی داگیرکراون، بۆچی فەرەنسا نایەت و بەرگری لە مافی ئەم نەتەوانە بکات و بە مافەکانیان شاد بکات، ئەوەش ڕوون ئاشکرایە کوردستان و فەلەستین دوو شوێنی موسڵمانننشینن، بۆیە هیچ وڵاتێک ئامادە نییە بەرگرییان لێ بکات و بە مافە ڕەواکانیان شاد بکات، دەبێت ئەوەشمان لە یاد نەچێت فەرەنسا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە دژایەتی ئیسلامیان کردۆتە بەرنامەی کاریان و لە یاساکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوەتا خوێندن بە جلی باڵاپۆشییەوە لە زانکۆ و پەیمانگاکان قەدەغەیە و سزایەکی ماددی زۆری هەیە، پۆشینی نیقاب لەناو فەرەنسا بە هەموو شێوەیەک قەدەغەکراوە و هیچ ئافرەتێک بۆی نیە بیپۆشێت بە ڕوویەوە و ئەوەی پێچەوانەکەی بکات، سزایەکی توند چاوەڕوانی دەکات، ئەوانەی باسی کێشەی نێوان فەرەنسا و تورکیایان کردووە، بەشێکی ناڕازیبوونی فەرەنسا لە وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە تورکیا وڵاتێکی موسڵمانشینە و فەرەنسا ئامادە نییە ڕازی بێت بە هاتنە ناوەوەی موسڵمان بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا.

### کێشەی کورد دەبێت چارەسەر بکرێت..

تورکیا ئەگەر بیەوێت نیشانی فەرەنسای بدات کە ئەو وڵاتێکی دیموکراسی و خاوەن شوناسێکی تایبەتە، دەبێت پێش هەموو کارێک کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکات و هیچ کێشەیەک نەهێڵێتەوە بەناوی کێشەی کوردەوە، ئازادی تەواو بە کوردەکان بدات، خوێندنیش بە کوردی پەرەپێبدات، چونکە تەنها چارەسەرە بۆ تورکیا، ئەگەر بیەوێت ئەم پێگە تایبەتەی خۆی بپارێزێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان و بەهێزتری بکات، چونکە ئەوکاتە هیچ وڵاتێک ناتوانێت بە تورکیا بڵێت تۆ لە ناوخۆدا کوردەکان دەچەوسێنیتەوە و لە دەرەوەش پشتگیری بزاڤە ئازادیخوازەکان دەکەی، لە ڕابردووشدا چەندان هەوڵ هەبووە بەم ئاقارە، بەڵام هیچیان سەرکەوتوو نەبوون، ئەوەی ئێستاش پێویستە، ئەوەیە پارتی دەسەڵاتدار بە هاوکاری کوردەکان دەستوری هەموار بکاتەوە و گشت خاڵە دژەکان بگۆڕێت کە دژایەتییان هەیە لەگەڵ ئازادی و داننەنان بە مافەکانی کەمایەتیەکانی ناو تورکیا، بەتایبەت کوردەکان، کە خاوەن ژمارەیەکی قورسن و دەتوانن کاریگەرییان بەسەر هاوکێشەکانەوە هەبێت.
لەم ڕۆژانەشدا گوێبیستی ئەوە بووین کە هەوڵەکانی تورکیا و پەکەکە دەستی پێکرۆدتەوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ڕێگایەکی ئاشتیانە، بۆئەوەی هەم ڕۆڵەی کورد، هەم تورکەکان نەبنە قوربانی شەڕێکی بەتاڵ و بێ سوود.



## گروپی نێودەوڵەتی پارێزەرانی کەیسی هەڵەبجە دەڵێ:

# هیوایەکی زۆر هەیە ئەم کەیسە لە دادگا نێودەوڵەتیەکان ببەینەوە..

**ڕاپۆرتی / یاسین محەمەد**

**گروپێکی دادوەری نێودەوڵەتی لە هەوڵدان بۆ بەسزاگەیاندنی ئەو کۆمپانیایانەی کە چەکی کیمیاوییان بە ڕژێمی بەعس فرۆشتووە، ئەو گروپە بڕیاریشی داوە تا لە دادگا نێودەوڵەتیەکاندا ئەو کەیسە نەبەنەوە، پارە وەرناگرن.**
**ئەم گروپە پارێزەرە ئێستا لە هەڵەبجەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تەواو لەسەر ئەم کەیسە، بۆئەوەی کاری لەسەر بکەن.**
**(گاڤریل میرۆ ـ سەرۆکی دەستەی پارێزەرانی دۆسیەی هەڵەبجە) وتی :»ئێمە گروپێک پارێزەری جیهانین، کار بۆ بەدادگاگەیاندنی ئەو کۆمپانیایانە دەکەین کە چەکی کیمیاوییان بە ڕژێمی بەعس فرۆشتووە، هەروەک لەگەڵ کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە پەیوەندی تەواومان هەیە بۆئەوەی دۆسیەکە بەبێ کەموکوڕی بەڕێوەبچێت».**
**ئەو پارێزەرە وتیشی:»نزیکەی (٥٣٧) کۆمپانیا دەستنیشانکراون کە چەکیان بە ڕژێمی پێشوو فرۆشتووە، تا ئێستاش (٢٢) کۆمپانیا بەڵگەی تەواو لەسەریان هەیە، ئێمە لێرەین تا بەڵگەی زیاتر کۆبکەینەوە، هیوایەکی زۆریش هەیە ئەم کەیسە ببەینەوە«.**
**(لوقمان عەبدولقادر ـ سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە)یش کە بەشێکن لەو دۆسیە، وتی :»ئێمە بە بەردەوامی لەهەوڵی ئەوەدا بووین کە ئەو کۆمپانیایانەی چەکی کیمیاوییان فرۆشتووە بە ڕژێمی بەعس، ڕووبەڕوی دادگایان کەینەوە«.**
**وتیشی:»خۆشبەختانە بەشێکی زۆری قۆناغەکانی بەدادگاگەیاندنی ئەم کۆمپانیایانەمان تێپەڕاندووە«.**
**پارێزەر (بەکر حەمە سدیق) کە پارێزەری کەیسی کیمیابارانی هەڵەبجە بووە لە کاتی دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی پێشوودا، وتی:»سەرپەرشتیکردنی ئەم دۆسیەیە لەلایەن ئەم پارێزەرانەوە، چەند گرنگییەکی هەیە، لەوانە تا دۆسیەکە نەبەنەوە، پارە وەرناگرن، کە ئەمەش نیشانەیەکی پۆزەتیڤی ئەم گروپەیە، هەروەک لەنێو داواکاریەکاندا باسی قەرەبووی زیانلێکەوتوان دەکەنەوە، وەک مافێکی زیانلێکەوتووان».**
**گەشبینی خۆیشی لەم گروپە پارێزە نێودەوڵەتیە نەشاردەوە لە بردنەوەی کەیسەکە.**
**هەر لەم بارەیەوە (گۆران ئەدهەم ـ قایمقامی قەزای هەڵەبجەی شەهید) وتی:»کێشەی چەکی کیمیایی، کێشەیەکی ئاڵۆزە، زۆر وردەکاری تێدایە، ئەوەی پەیوەندی بەئێمەوە هەیە، چ وەک قایمقامیەت، یان وەک حکومەت، ئامادەین هاوکارییان بکەین، ئێمە پشتگیری هەموو هەوڵێک دەکەین کە لەو بوارەدا کاری لەسەر بکرێ».**
**بەڵام ئەوەی نەشاردەوە کە کۆمپانیای زۆر گەورە لەنێو ئەو کامپانیایانەدان و کەیسەکە ئاسان نییە.**